# بۆمەرگی کتوپڕی " گۆران قەرەداغی "

گۆران لە گەڵ مەرگی خۆیدا , هێڵی تەلەفۆنی نێوانمانی پچری . گۆران لەگەڵ مەرگی لە ناکاوی خۆیدا , گفتوگۆی نێوانمانی بۆ هەتاهەتایی کۆتایی پێهێنا .

چەند غەدارە مەرگ , کەچیرۆکی ژیانی مرۆڤێک دەپێچێتەوە , بۆ یەکجارەکی ئەو مرۆڤە لە بەر چاوان گوم دەکات , هەوارت خاڵی , کوری قەراخی , بیرەوەری و گیانت زیندوو کوڕی شاری عەبدولڕەحمانی مەلا سدیقی قەرەداغی ناسراو بە" گۆران قەرەداغی " , لە ڕۆژی 24-11-2004 داو لە روداوێکی دڵتەزێنی تەلی کارەبا , سەری بۆ یەکجارەکی نایەوەو بە مەرگی لە ناکاوی کۆستێکی گەورەی خولْقاند . داخەکەم میدیای کوردی نقەیان لێوە نەهات !

گۆران , مرۆڤێکی پێگەیشتوو چاوکراوەو چاودێری بەروبوومی ژیانێکی سەخت و دژوار بوو , کاروانی ژیانی ئەوڕەحمان زۆرتر بە خەبات و کۆشش بۆ نەتەوەو وڵاتەکەی رێچکەی گرتبوو . ئەو گۆران-ەی هەڵگری بیرو هۆشی خەڵکی رەشوڕووت بوو , ماوەیەک لە خەباتی پێشمەرگایەتی , هاوڕێ و هاودەمی کاک ئارام-ی نەمرو مەفرەزە سەرەتاییەکانی کۆمەڵەو یەکێتیی ناوچەکانی قەرەداغ بوو .

گۆران پاش زیاتر لە (26) ساڵان , لە ئاوارەیی ژیانی دوورە وڵاتییەوە , بەیەک هەگبەی پڕاوپڕی خۆزگەو ئاواتی گەورە هاتبووەوە وڵات و گەرەکی بوو لە ناو کەسوکارو لە باوەشی شاری سلێمانی و لە نزیکی ناوچەی قەرەداغدا درێژە بە ژیان و بەشداری لە پرۆسەی ئازادی و بنیاتنانی وڵاتێکی سەربەخۆ , بەشداری بکات .

گۆران قەرەداغی , بە تێرایی ژیانی , دەرچووی کوورەی ژیانێکی پڕ دەردەسەری بوو , ژانەکانی پڕ ئێش و بە ئازار بوون , زۆر کەم خۆشی و ئاسوودەیی لە ژیان چەشتبوو , بەڵام مرۆڤێکی سەربەرزو بە هیممەت و خۆراگربوو . هەروەک چۆن ڕۆڵی تاقانەی دایک و باوکە کورد پەروەرەکەی بوو , ئاواش بەتاقانەیی سەری نایەوەو کزەی لەجەرگمانەوە هێناو هەموو ئەوانەی دۆست و ناسیاوو خزمی بوون , هەر هەمووانی تەزاند.

سڵاو لە گیانت گۆران , هەتا ژیاییسەربەرز بوویت , چاوچنۆک و بەمنەت نەبوویت , هەمیشە بەبەری ئارەقەی نێوچەوان لوقمەی ژیانت بەدەستهێنابوو . هەمووامان بە هاوڕێیەتیت بەختەوەرو سەرفرازبووین , بەڵام بە کارەساتی ئەو مەرگە بەپەلەت , داخ و ژانت پێکردین .

سڵاو لە گیانت گۆران

سڵاو بۆ بەژن و باڵای هەڵوێستەکانت .

لەڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ" وە رگیراوە